
ئەردۆغان لەسەر بانگەوازی ئەجەلان بۆ دانانی چەک: ڕێگە خۆش دەکات بۆ قۆناغێکی نوێ لە شێوەی دژی تیرۆر



هەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك كۆماری تورکیا ڕایگەیاند، وتاتەکەی چوەتە سەردەمێکی نوێی دور لە تیرۆر، دوای ئەوەی عەبدوڵا ئەجەلان ڕێبەری پەکەکە داوای لە پارتەکەی کرد چەك دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.

هەجەب تەیب ئەردۆگان لەپەیامێکدا باویکردەوە، لە ڕۆژی پێنجشەممەوە قۆناغێکی نوێ هاتتە ناو هەوڵەکانی تورکیایەکی بێ تیرۆرەوە، کە بە دەستپێشخەری بوراندی هاوبەشەکەمان لە هاوپەیمانی گەل، دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی دەستی پێکرد و بە هەوڵستی پتەوی خەمان پشتەوی کرد.

وتیشی، "ئەمە دەرفەتێکمان هەیە هەنگاوێکی مێژویی بەرەو ئامانجی ڕوخاندنی دیواری تیرۆر کە لە نێوان برایەتی هەزار ساڵەمان دروست کراوە، بنێین".

ئاماژەی بەوەشکرد، "هیچ کەسێك لەم میللەتەدا، چ تورك بێت یان کورد ڕگەی پێنادرێت بە قسەو کردەیەکی دژبەیەك پرسەکە بگەیەنێتە بنبەست، وەك ئەوەی لە ڕابردودا ڕویدا".

سەرۆك كۆماری تورکیا بەڕوونیدا، "لەم قۆناغەدا زۆرترین گرنگی بە هەر ئیستفزازییەکی

ئەگەری دەدەین و هەمو خەپارێیەکی پێویست دەگرینەبەر".

ئەوەشیخستەڕو، "با گەلەکەمان دڵنیا بێت کە براوەی تورکیایەکی دور لە تیرڕ هەمو ئەو 85 ملیۆن کەسە دەبێت کە تورك و کورد و عەرەب و عەلەوی و سوننە و هەمو تاکێکی میللەتەکەمان خۆی بەخاوەنی دەزانێت".

رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەوەشیخستەڕو، ئەرکی سەرەکی ئێمە لە بەرامبەر گەلەکەمان دامەزراندن و بەهێزکردنی کەش و هەوایەکی گشتگیر و پێشوازی لێکراوە کە هیچ کەسێك هەست بە پەراوێزخستن و دورخستنەوەی نەکات".

ئەردۆگان باسی لەوەشکرد، "هەڕەشەی تیرڕ سایانێکی زۆرە وەك دارێك بێ داشتنی سیاسەت لە وڵاتەکەمان و قەتیسکردنی سیاسەتمەداران لە ناوچەیەکی تەسکدا بەکاردەهێنرێت، ئێمە لە ماوەی زیاتر لە 22 ساڵ حوکمانیماندا هەرگیز نەکەوتوینەتە ئەو تەڵەیەوە".